# ڕەخنەی ئەکادیمی، ڕەخنەی پیشەیی

د. حەمە مەنتک
(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە)

زاراوەی ڕەخنەی ئەکادیمی، لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوا دەمێکە بەربڵاوە، تەنانەت لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیشدا شەنوکەو کراوە. هاوکات زۆربەی تیۆرییە ڕەخنەییەکان لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان پەیدابوون.

لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دوو فۆرم لە ئیشی ڕەخنەییمان هەبووە، ڕەخنەیەک لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان تا سەرەتای سەتەی بیست و یەکەمیش زۆر بە هەڕمێن بوو. دەتوانین بە فۆرمی ڕەخنەی دەرەوەی ئەکادیمیایش ناوی ببەین. فۆرمەکەی دیکە لەگەڵ کرانەوەی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا و زانکۆکانی دیکەی کوردستان تاکولۆک نامەی ماستەر و تێزی دوکتۆرا دەنووسران، بەڵام ئەوەی جێی داخە، تاکوو ئێستایش سروشتی هەریەک لەو فۆرمە، توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە.

ئەوەی پێی دەڵێین ڕەخنەی ئەکادیمی، چییە؟ سروشتی ئەو ڕەخنەیە چییە؟ پێوەندی نێوان ڕەخنەی ئەکادیمی و دەسەڵات چییە؟ بۆ تاکوو ئێستا تیۆرییەکی ڕەخنەیی لە زانکۆکان دانەهێنراوە؟ هەژموونی ئەم ڕەخنەیە بەسەر ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چییە؟ لەم نووسینەدا دەمەوێت لە ڕێی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە ڕەخنەی ئەکادیمی بخەمە ژێر پرسیارەوە و هەوڵی دامەزراندنی تیۆرییەک بۆ

ڕەخنــەی کــوردی بــدەم.

کاتێـک دەڵێیـن ڕەخنـەی ئەکادیمـی، واتـە ڕەخنەیەکـی ترمـان هەیـە، کـە نائەکادیمییـە! ڕەخنـەی ئەکادیمـی نووسـینێکە لـە ناوەندێکـی زانسـتییەوە دەنووسـرێت، کۆمەڵێـک پێـوەر و پێوانـە هـەن دەبێـت ئـەو کەسـە پێوەیـان پابەنـد بێـت، جـا پێـوەرەکان تەکنیکـی، یـان شـێوازی بـن. لـە لایەکـی دیکـەوە، ڕەخنـەی ئەکادیمـی، ڕەخنەیەکـە، نووسـینێکە لـە لایـەن کەسـێکەوە دەنووسـرێت، کـە لـە ڕێیـەوە بڕوانامەیـەک بـە دەسـت دەهێنێـت. نووسـینێکە شـێوازێکی تایبەتی هەیـە و توێـژەر ناتوانێـت لێیان لا بـدات. لە هەموو دنیـا، ڕەخنـەی ئەکادیمـی کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدی هەیـە، ئـەو تایبەتمەندیانـە لـە هـەر نووسـینێکی ڕەخنەییـدا هەبـن، ئـەو نووسـینە، نووسـینێک دەبێـت هەمـوو لایەنەکانـی دەقمـان بـۆ کەشـف دەکات.

١- **بابەتێتی:** نووسـینی ئەکادیمی، نووسـینێکی بابەتییـە، نـەک نووسـینێکی سـۆزداری و خـودی، هیـچ بڕیارێکـی خـودی تێدا نییـە. لەسـەر بنەمـای سـۆزیش نانووسرێت.

٢- **بەرپرسیاریەتی:** نووسینێکە، توێژەر بەرپرسیارە لە هەموو ئەو زانیاری و ڕستانەی دەیاننووسێت.

٣- **ڕوونـی:** نووسـینی ئەکادیمـی دەبێـت ڕوون بێـت، بیرۆکـەکان بـە دوای یەکـدا بێـن. کاتێـک خوێنــەر دەیخوێنێتــەوە، بزانێــت توێــژەر چــی دەڵێـت.

٤- **وردێتـی:** توێـژەر دەبێـت لـە گواسـتنەوەی زانیـاری و بەڵگـەکان زۆر ورد بێـت، هـەر ڕستەیەک، کـە دەیڵێـت، دەبێـت ورد داڕێژرابێـت. هـاوکات لـە ئامـاژەدان بـە سـەرچاوە و سـاڵ و نـاو و شـوێنەکان وردبینـی بـکات، چونکـە بەرپرسـیار دەبێـت لـە هـەر شـتێک کـە دەینووسـێت.

٥- **عەقڵانـی:** نووسـینی ئەکادیمـی خـۆی بـە شـتێکی نالۆژیکـەوە خەریـک نـاکات، بەتایبەتـی کاتێـک بەڵگـە و بۆچوونـەکان دەخاتـەڕوو، هـەوڵ دەدات زێدەڕۆییـان تێـدا نـەکات بـۆ ئـەوەی ئەنجامـی ناواقیعـی بـە دەسـت نەیـەت.

٦- **زانستیبوون:** نووسـینی ئەکادیمی، نووسـینێکە فـۆرم و شـێوازی ئەکادیمی بەسـەردا زاڵـە، زمانەکەی، زمانێکـی سـتانداردە، خـۆی بـەدوور دەگرێـت لـە نامیتـۆدی.

٧- **بڕیـاری گردەبڕ:** نووسـینی ئەکادیمـی خـۆی لـە بڕیـاری گردەبـڕ و یەکلاکـەرەوە دەپارێزێـت، بـەردەوام مەودایـەک و ماوەیـەک بـۆ دایەلـۆگ دەهێڵێتــەوە.

بـۆ ئـەوەی بە شـێوەیەکی میتۆدیانە و زانسـتیانە بزانیـن ئایا زۆربـەی ئـەو نامـەی ماسـتەر و تێـزی دوکتۆرایانــەی لــە بەشــی کوردیــی زانکۆکانــی کوردسـتان نووسـراون، تـا چەنـد ئـەم پێوەرانەیـان تێدایـە، پێویسـتیمان بـە توێژینەوەیەکـی فـراوان و ئامارییانـە هەیـە.

ڕەخنــەی ئەکادیمــی لــە زانکۆکانــی کوردسـتان، ڕەخنەیەکـی دابـڕاوە لـە دەرەوەی خـۆی. ڕەخنەیەکە خـۆی بەسـەر دەرەوەی خـۆی ناکاتەوە. بـە واتایەکی تـر دەرەوەی خـۆی ڕەت دەکاتـەوە، بۆیـەش توانایـی نییـە کاریگـەری لەسـەر ڕەوتـی ئەدەبـی کـوردی هەبێـت. کاتێـک تەماشـا دەکەیـن بـە سـەتان نامـەی ماسـتەر و تێزی دوکتـۆرا نووسـراون، بـەڵام کاریگەریـان لەسـەر دەرخسـتنی سروشـتی ئەدەبـی کـوردی نەبـووە، هـاوکات نەبوونەتـە قوتابخانـە و میتۆدێـک بـۆ ئـەوەی ڕەخنـەی کـوردی بچێتـە قۆناغێکـی نوێـوە.

ڕەخنــەی ئەکادیمــی لــە بەشــە کوردییــەکان، ڕەخنەیەکـی پیشـەییە، تایبەتمەنـدە، ڕەخنەیەکـی وەزیفییـە، وەک چـۆن کەسـانی نـاو زانکـۆ پیشـەیان

هەیە، ئەو ڕەخنەیەش پیشەی هەیە، واتە بەرانبەر شتێک کار دەکات. وەک چۆن کەسانی ئەوێ بەرانبەر دەسکەوتێک کار دەکەن، ئەو ڕەخنەیەش بەرانبەر شتێک دەنووسرێت. مەبەستمان لەمە چییە؟ بە داخەوە زۆربەی ئەوانەی ماستەر و دوکتۆرا دەنووسن، ئەزموونی خوێندنەوە و نووسینیان نییە. کەسانێکن خوێندنەوە بەشێک نەبووە لە بوونیان، بۆیەش دواتر زۆرێک لەو کەسانە، کە دەبنەوە مامۆستای زانکۆ، ئاشنای کتێب نین، تەنانەت ئەو وانانەی دەیانڵێنەوە، زانیارییەکانیان وەرگیراوە، نەک ئەوەی خۆیان لە ئەنجامی خوێندنەوە و خوێندنەوەی ئەزموونەکانی پێشووترەوە وانە دارێژن. تاکولۆک مامۆستای زانکۆ دەبینیت خوێندنەوە و کتێب بەشێک لە ژیانی بێت.

هۆکاری ئەوەی ئەم ڕەخنەیە نەچۆتە ناو خەڵک و کاریگەری نەبووە، ڕەخنەیەکی تایبەتمەندە، ڕەخنەیەکە تایبەتە بە ناوەندێک و فەزایەک و خۆی لە ئەزموونی ڕۆژانەی خەڵک بە دوور دەگرێت، بۆیەش کەمترین خەڵک دەتوانن، یان بەر ئەم نووسینانە دەکەون، هاوکات ڕەخنەی ئەکادیمی بەشی هەرە زۆری ڕەخنەیەکی دۆگماییە، لە قاڵبدراوە. کەم نامەی ماستەر و دوکتۆرا هەیە، بۆچوونی سەرپەرشتی تێدا زاڵ نەکرابێت.

دیوارێکی ئەستووری چیمەنتۆ لە نێوان نووسین و ڕەخنەی ئەکادیمی لەگەڵ خوێنەراندا هەیە. خوێنەران هەست دەکەن، ئەو نووسینانە بۆ دنیا و فەزای ڕۆشنبیریی ئەوان نەنووسراوە، تەنانەت ڕەخنەی ئەکادیمیش وازی لە جەماوەری هاوچەرخی خۆی هێناوە، بەوەی کەمترین نامەی ماستەر و دوکتۆرا لە دەرەوەی زانکۆکان دەخوێندرێنەوە. بە هۆی ئەو قاڵب و شێوازی نووسینەی ڕەخنەی ئەکادیمی پێڕەوی دەکات، خوێنەران هەست بە پەراوێزخستن دەکەن، بۆیەش ئەم ڕەخنەیە دەبێ سەرلەنوو بەخۆیدا بچێتەوە، ئەو دیوارە چیمەنتۆییە بڕووخێنێت. پردێک لە نێوان خۆی و خوێنەرانی دەرەوەی زانکۆ دروست بکات.

ئاشتبوونەوەی ئەم ڕەخنەیە لەگەڵ خوێنەرانی دەرەوەی زانکۆ، تاکە ڕێیە بۆ ئەوەی ئەم ڕەخنەیە هەم خۆی نوێ بکاتەوە و هەمیش کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەبێت. ڕەخنەی ئەکادیمی نابێت خۆی وەک ڕەخنەی دەستەبژێر و کۆلۆنیاڵی نیشان بدات، لە کاتێکدا بەردەوام زانکۆکان بە شێوەیەکی گشتی، دەرەوەی خۆیان ڕەت دەکەنەوە. زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ، بەناوی ئەکادیمیبوونەوە هەژموونی خۆیان بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێنن.

ڕووداوێکی سەیر لەو بارەیەوە دەگێڕمەوە. یەک- دوو هاوڕێ هەواڵیان پێدام، کە دەیانەوێ گۆڤارێک دەربکەن و منیش وەک دەستەی نووسەران لەگەڵیان بم. زۆر کەیفم بە پرۆژەکە هات، ڕۆژێکمان بۆ کۆبوونەوە دانا کە بزانین چی بکەین و بەرنامەمان چی دەبێت؟ یەکێک لە ئامادەبووان، مامۆستایەکی زانکۆ بوو، کە وەک سەرپەرشتی پرۆژەکە دیاری کرا. یەک- دوو کەسێکیش، نووسەرانێک بوون، خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی نەبوون، واتە لە دەرەوەی زانکۆ بوون. دوای کۆبوونەوەی یەکەم، پشووییەکمان وەرگرت. ئەو مامۆستایەی زانکۆ، گوتی: ئەم دوو کەسە نابێت لە دەستەی نووسەران بن، چونکە خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمی نین، هاوکات نازانن بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە بنووسن. خۆم بۆ نەگیرا، گوتم، کاک دوکتۆر، ئەگەر لەبەر نووسینەکانی دەرەوەی ئەکادیمیا نەبوایە، ئێمە خاوەنی هیچ نەدەبووین. ئەگەر لەبەر نووسەر و کەسانی

دەرەوەی ئەکادیمیا نەبووایە، ئەوە ئێمە خاوەنی هیچ نەدەبووین. ئەم بیرکردنەوە کۆلۆنیالییە وای کرد من لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بکشێمەوە. ئەم تێڕوانینە بەناوی ئەکادیمییەوە، هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی بەرانبەر و ئەوانی دیکە.

بە بڕوای من، دەبێت ڕەخنە و نووسینی ئەکادیمی بە دەرەوەی خۆی ببەستینەوە بۆ ئەوەی پتر واقیعیەتی تێدا بێت. لەو ڕێیەوە دەتوانین ڕەخنەیەک دابهێنین، خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە بۆ دەقەکانمان بکات. هاوکات خوێنەرانی دەرەوەیش بتوانن بیخوێننەوە. بۆ ئاشتکردنەوەی ڕەخنەی ئەکادیمی و جەماوەری هاوچەرخ پێویستە:

١. ڕەخنەی ئەکادیمی دەبێت دەستبەرداری هەژموون و دەسەڵاتی کۆلۆنیالی خۆی بێت.

٢. دەبێت چوارچێوەی تایبەتمەندێتی لە ڕەخنەی ئەکادیمی وەربگرینەوە.

وەک پێشتریش گوتم ڕەخنەی ئەکادیمی، ڕەخنەیەکە لە ڕێی دەسەڵاتەکەیەوە بەردەوامی بە خۆی دەدات. ڕەخنەیەکە، دەسەڵاتی تەواوی هەیە. بە هۆی کەمبوونەوە و نەمانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بە هەرێمبوونی سۆشیالمیدیا، هەم کوالێتی نووسینی ڕەخنەیی و هەم سروشتەکەی گۆڕانی بەسەردا هات. هەموو کەسێک دەرفەتی بۆ ڕەخسا قسە لەبارەی دەقەوە بکات. هەموو نووسینێک، ئەگەر دوو دێڕیش بێت، یان قسەیەکی گشتیانەش بێ، نووسەری دەق لە واڵەکەی خۆی بڵاوی دەکاتەوە، وەک ئەوەی نووسینێکی ڕەخنەیی زانستیانە و میتۆدیانە لەبارەی دەقەکەیەوە نووسرابێت، تەنانەت موفتی ڕەخنەیش پەیدابووە، بەوەی فتوا لەبارەی دەقی ئەدەبی دەدات. هاوکات دەنووسێت چاوەڕێ بکەن نووسینێکم لەبارەی فڵان دەقەوە بڵاو دەبێتەوە. ئەم فتوادانە پێوەندی بە ڕەخنەناسییەوە نییە، چونکە قسەکان بڕیارن، هیچ بڕیارێکیش ناچێتە ناو ڕەخنەناسییەوە. بۆ نموونە، فڵان ڕۆمان، لە ڕووی کارەکتەرەوە لاوازە. خراپترین ڕۆمانی کوردی. ئەم ڕۆمانە شاکارە... تاد. هەموو ئەم قسانە جودا لە بڕیار هیچی دیکە نین، چونکە نەسەلمێنراون. هیچ ڕستەیەک، نموونەیەکیان بۆ نەهێنراوەتەوە. پێوەر و پێوانەکان بزرن و هەر لە گوترە ئەو قسانە کراون و دەکرێن. ئەمە فاکتەرێکی هەرە سەرەکییە بۆ ئەوەی نووسینی ئەکادیمی (چ نامە و تێز، چ توێژینەوە) لە لایەن نووسەرانەوە بە هەرمێن بێت و باوی هەبێت.

ڕاستە ڕەخنەی ئەکادیمی، دەسەڵات و هەژموونی هەیە، بەڵام توانایی تێگەیشتن و تێگەیاندنی خوێنەری نییە. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە لە دەرەوەی زانکۆ، ئەو بابەت و نووسینانە نەخوێنرێنەوە. دەپرسم، ئەو هەموو توێژینەوانەی، کە لە گۆڤارە زانستییەکان بڵاو دەکرێنەوە بۆ ناخوێنرێنەوە؟ ئەرێ بۆ کەس نایانبینێت؟ مادام نووسینگەلێکی وەها نەخوێنرێتەوە، واتای ئەوەیە، ئەو نووسینانە توانایی لێکدانەوەیان نییە. ئەم دەسەڵات و هەژموونە یەکفۆڕمی دروست کردووە. زۆربەی نامە و تێزەکان، زۆربەی توێژینەوەکان، کە دەخوێنیتەوە یەک فۆرم و شێوە و قاڵبیان هەیە. خوێنەر بە ئاشکرا درک بەوە دەکات فرەدەنگی و فرەڕەنگی لەو نووسینانەدا نییە. مەبەستم لەوەیە، ناتوانین تایبەتمەندی و دەنگی توێژەرەکان بناسینەوە. ئەمە وا دەکات، زۆربەی هەرە زۆری نووسینەکان (نامە، تێز و توێژینەوەکان) و سیستمەکەی بکەونە ژێر پرسیارەوە. دەبێ هەڵوەشێنرێنەوە و سەرلەنوو دابڕێژرێنەوە، واتە دەبێت لەو دەسەڵاتە کۆلۆنیالییەی نووسینی

ئەکادیمی بدرێت و پاتە میکانیزمی نوێی بۆ دابنرێتەوە، کە بە بڕوای من، ئەوەی ئێستا هەیە، بە هیچ شێوەیەک واتای زانستی و ئەکادیمی لەخۆ ناگرێ، ئەمە وا دەکات، گرێبەستێکی ئاشتیانە لەگەڵ نووسینی دەرەوەی ئەکادیمی مۆر بکات و لەگەڵ خوێنەرانی دەرەوەی ئەکادیمیش ئاشت بێتەوە.

زۆر پێویستە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتە بەرگری دروست بکەین، چونکە دەسەڵاتێکە بە گوێرەی میکانیزمێکی سەپاو، چ بۆ توێژەر و چ بۆ خوێنەران کار دەکات. بۆ نموونە لە کوێی دنیادا هەیە، دەیان پلەی نایاب بە نامە و تێزی دوکتۆرا بدرێت، لە کاتێکدا یەک دێڕی نوێی تێدا نییە. لە زۆربەی ئەو لیژنانەی بۆ گفتوگۆی نامەیەک، یان تێزێک دانراون، گرفتی سەرەکی لە سەرچاوەکان هەبووە. توێژەر، سەرچاوەیەکی وەرگرتووە بۆ نموونە لە لاپەڕە (٣٥)ی کتێبێک، کاتێک بۆ هەمان کتێب و سەرچاوە گەڕاومەتەوە، شتی وای تێدا نەبووە. نایاب بە توێژینەوەیەک دەدرێت کە شتێکی نوێی کەشف کردبێت، تیۆرێکی داهێنابێت، کارێکی نوێی کردبێت. لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆریان پاتەن و زۆریشیان کۆپی نامە عەرەبی و فارسییەکانن.

گوتاری ئێستای ڕەخنەی ئەکادیمی پێویستی بە هێورکردنەوەیە، پێویستی بە گۆڕینە، چونکە ڕەخنە، دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵات و مکانیزمی چەسپاو، ڕەخنە بریتی نییە لە بڕیاردان. ڕەخنە، ئیشکردنە لەبارەی جەوهەری دەق لە چوارچێوە کولتوورییەکەیدا. زۆربەی ئەو مۆدێلانەی بە ناوی ڕەخنەوە لە سۆشیالمیدیا و زانکۆکاندا دەخرێنەڕوو، هەموو شتێکن، تەنێ ڕەخنە نەبێت. کەمکردنەوە و نەهێشتنی دەسەڵات، هەنگاوی یەکەمە بۆ گەڕاندنەوەی سروشتی ڕەخنە. تێکەڵکردنی هەردوو فۆرمەکەی ڕەخنەی کوردی، ڕەخنەی ئەکادیمی و ڕەخنەی دەرەوەی زانکۆ، هەوڵێکە بۆ ئەوەی فۆرمێکی نوێی ڕەخنە، یان شێوازێکی نوێی ڕەخنە بێتەکایەوە. هاوکات ڕزگارکردنی هەریەکەیانە لەو چەقبەستووییەی تێی کەوتوون.